سەرۆکی حکومەتی هەرێمی فەرمانی کرد لەکۆمیتەوەی ورد لەبارەی هەکاری رووداوی کارساتەکەی سەران بکەن

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی رووداوی ئاگرکوژێنەوە لە باڵخانەیەکی سەران، پێیوەندی بە بەرپرسی ئیدارەی سەربەخۆی سەران دەکات و دامەزراوە پێیوەندیدارەکانی حکومەتی راسپارد کە هەرچی پێویستە بە هاوکاری و بەهاناوەچوونی لەقەوماوانی رووداوەکە بکەن.

ئەمشەو هەینی (8ـی کانوونی یەکەمی 2023) مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە بەدواداچوونی رووداوی دەتەزێنی ئاگرکوژێنەوەی باڵاخانەیەک لە سەران، لە رێی تەلەفۆنەوە، پێیوەندیی بە هەڵگورد نەجیب، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سەرانەوە کرد.

سەرۆکوزیران مەسرور بارزانی وەڵای دەربڕینی پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی قووڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییان، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەران و دامەزراوە پێیوەندیدارەکانی حکومەتی راسپارد کە هەرچی پێویستە بە هاوکاری و بەهاناوەچوونی لەقەوماوانی رووداوەکە بکەن.

هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایسپاردن لەکۆمیتەوەی ورد و جددی لەبارەی هەکاری رووداوی ئەو کارساتە بکەن، بەدواداچوونیش بە رەکارەکانی سەلامەتیی لە باڵاخانە و شوێنە گشتیی و تایبەتەکان بکرێت.

لە ئەنجامی ئاگرکوژێنەوە لە باڵاخانەیەک لە سەران کە ژمارەیەک قوتابی، مامەستا و هاووڵاتی ئاسایی

تەیدا نیشتەجێبوون، 14 کەس گیانیان لەدەستدا و چەند کەسێکی دیکەش بریندار بوون.